# "مام حەبیب قەرەگوێزی"

من خوێندنەوەی چیرۆکی هاوچەرخی کوردیم بە "نان و فیشەک" ی کاک سەلاحوددینی موهتەدی دەست پێکرد. باشم لەبیر نییە بەڵام ئەگەر هەڵە نەکەم، ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) و پێش سەرهەڵدانی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی باڵی شۆڕشگێری حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران بوو، لە تاران دەژیام و ناوبانگی ماڵی حاجی ڕەحماناغای نەمرم بیستبوو کە خوێندکارانی کورد هاتوچۆیان دەکرد و باسی سیاسەت و کوردایەتی تێدا دەکرا. خۆم بە بچووکتر لەوە دەزانی بچم و دابنیشم قسەم لەگەڵ بکەن. هەڵکەوت و جارێکیان خاڵی خۆشەویستم حاجی حەمەڕەشیدی محەممەدیان هاتبووە تاران و دەیویست بچێتە سەردانی حاجی رەحماناغا. داوای لەمنیش کرد لەگەڵیدا بچم؛ حەجم بۆ هاتبووە سەر لەج!

کاک سوارەی نەمر و کاک سەلاحی کوڕی حاجی ڕەحماناغام لەوێ بینی. دیارە حاجی ڕەحماناغا منی دەم ڕووتی نەدەناسی بەڵام باوکم و کاکم و خاڵم، با. خۆیشی و کوڕەکانیش گەلێکیان لوتف لەگەڵ کردم. درەنگتر یەکدووجار کاک سەلاحم بینییەوە. نوسخەی دوو چیرۆکی کوردی پێدام بیانبەمەوە ماڵێ و بیانخوێنمەوە. ناوی نووسەری چیرۆکەکان ڕانەگەیێنرابوو و پاشان زانیم هەر خۆی نووسیبوونی. چیرۆکەکان کاری زۆریان لەسەر هەستی کوردانەم کرد، من خۆم زیاتر بە چەپ و کومۆنیست دەزانی و ئەگەر هاندەریی چەندکەسێکێک نەبوایە واهەبوو بەرەو کوردایەتی نەیەم!

*****

دوێنێ کە بابەتی مێژوویی - چیرۆکی "مام حەبیب قەرەگوێزی" نووسینی کاک کەریم ئێلخانی- م لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکاندا خوێندەوە، بە پێپیلکەی ووتارەکەدا گەڕامەوە هەر ئەو سەردەمە و ئەو حاڵ و هەوایە. دەتگوت 'نان وفیشەک' ی کاک سەلاح لە مام حەبیبی کاک کەریمدا درێژەی پەیدا کردووە و لەڕاستیشدا هەروایە. وێچوویەکی زۆرلەنێوان ئەو دوو چیرۆکە سیاسییە دا هەیە. هەردوکیان خاوەنی زمانی هاوشێوەن، هەردوک ڕێز لە دیاردەیەک دەگرن: شەڕی چەکداری؛ هەردوک لە سەردەمێک دەدوێن: سەردەمی پێشمەرگایەتی و شەڕی چەکدارانەی ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول و ژیانەوەی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، کە خەباتی باڵی شۆڕشگێری حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران و شەهادەتی موعینییەکان و شەریف زادە و مەلائاوارە و سەید فەتاحی نیزامی و ئەوانیتری بەدواداهات.

لەو ساڵانەدا، چارداخی مام حەبیب لە چیای "حاجی کیمی" بە تەنیشت گوندی قەرەگوێزی نێوان بۆکان و سەقز و سەردەشتەوە شوێنێکی تایبەتی بوو. چارداخەکە کانیاوێک بوو کە باڵندەی تفەنگ لەشان وچانیان لەسەر دەگرت و تینوویەتی ڕێگایان لێ دەشکاند. خاوەنی چارداخ، خۆی یەک لەو باڵندانە بوو و هێلانەکەی جێی خۆی و مەلی ڕەنگاوڕەنگی هاوباڵی بووبووەوە.

چیرۆکی پڕلە شانازیی ئەو چارداخە و خاوەنەکەی و میوانە هەمیشەییەکانی، بابەتێکی پڕبەپێستە بۆ فیلمنامەیەکی تێروتەسەل کە دەورگێڕەکانی، قارەمانانی شەڕی چریکی ئەو ساڵانەن. لەنەبوونی فیلم چێکەرێکدا کە ئاوڕ لە چارداخەکە بداتەوە، کاک کەریم ئێلخانی بە کارێکی هاوچەشن هەستاوە. ئەو، بە زمانێکی شیرین - کە گەلێک لە زمانی ڕەق وتەقی من لەم زنجیرە ووتارەدا شیرینترە، بەشێک لە سەربهوردەی چارداخی مام حەبیبی لە توێی چیرۆکێکی کورتدا بۆ گێڕاوینەتەوە ومشتێک لە ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی بۆ تۆمار کردووین.

ئەوە ئێوە و ئەوەش کاک کەریم ئێلخانی و "مام حەبیب قەرەگوێزی".

یادی مام حەبیب و میوانە خوێن شیرینەکانی زیندوو بێت.

**مامە حەبیب قەرەگوێزی کێ بوو؟**

کەریم ئێلخانی

شەوی پێشوو نەرمەبارانێکی خۆش دەر و دۆڵی گەورکان و پێدەشتەکانی موکریانی داگرتبووەوە. کەشوهەوایەکی خۆش بوو بۆ جووتی پاییزی. وەرزێرانی ناوچەکەی تەواو دڵخۆش کردبوو. پووشوپەڵاشی نێو دەرودۆڵی چیاکانی خاو کردبووەوە .گەڵاڕێزانی پاییزی دەستی پێکردبوو. دەڵوپە بارانی شەوی ڕابردوو لە سەر گەڵا زەردە داوەریوەکانی نەمامە دەستچێنەکانی مامەحەبیب هەر مابوو. زەوییەکەی مامە حەبیب لە داوێنی چیای (حاجی کیمی)یە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری(بۆکان)و لە نزیک دێی (قەرەگوێز) هەڵکەوتووە. زەوییەکی سەخت و بەردەڵان و دێمەکار. زەوییەکی ڕووتەڵە و ساکار. لە داوێنی زەوییەکەی، چۆمی تەتەهوو لەو بەرزاییەڕا وەک شینەدووکەڵێکی باریک بە نێو بێشە و نزارەکاندا تێدەپەڕێ کە جوانییەکی دڵڕفێنی هەیە. دەتگوت لەو ڕۆژەوە چیای حاجی کیمی سەری لە زەوی دەرهێناوە، مامە حەبیبی لە داوێنی خۆیدا لە باوەش گرتبوو. هەردووک سادە و ساکار، هەردووک سەربەرز و باڵابەرز و، هەردووک دڵبریندار و زامدار، هەردووک ڕووتەڵە و بۆر، هەردووک لەشیان ڕاهاتوو بە سەرماوسۆڵی ئەم مەڵبەندە. هەردووک مێژوویەکی کۆنی ئەم وڵاتەیان لە دڵدا هەڵگرتووە. هەر دووک هاوڕێیەکی بەئەمەک و دڵپاک بوون بۆ یەک. هەردووک لەشیان ڕاهاتووی چەخماخە و هەورەبرووسکە و تۆپ و باڕووتی ئەو مەڵبەندە بوو. هەردووک هاوڕێی ڕۆژی تەنگانە بوون بۆ یەک .

مامەحەبیب کەوشەجیرەکانی دەرهێنا و لە تەنیشت کوچکاوری پەنا چارداغەکەی کە لە گۆشەیەکی زەوییەکەی دا ساز کرابوو دانیشت. لەشی لە ئارەقدا خووسابوو، جاروبارەش ملی وردەسووڕاند و تەماشایەکی گاجووتەکانی دەکرد کە لە خەتی جووتەکەدا وەستابوون. ڕوخساری تووڕە و گرژی لە نێوان دووکەڵی کوچکاورەکە جارجار وەدەر دەکەوت. جاروبارەش فوویەکی بەهێزی بۆ گەشانەوە لە ئاورەکە دەکرد بۆ ئەوەی کەترییەڕەشە تێکـقوپاوەکەی زووتر بێتەجۆش، بەڵام پووشوپەڵاشی خاوبووەوەی پاییزی گڕی نەدەگرت. سەبیلە ڕەش و درێژەکەی کە ئەو ڕۆژە بۆنی بێ تووتنیی لێ دەباری لە بەردی بەر کوچکاورەکەی دەدا و لە بەر خۆیەوە بۆڵەیەکی لێ دەهات کە من زۆری تێ نەگەیشتم بۆ چییە؟ وا دیار بوو ئەو ڕۆژە پوورەخەجیج _ خێزانی_ لە بیری چووبوو توورەکە تووتنەکەی بۆ بهاوێتە نێو خورجێنەکەیەوە، هەر بۆیەش بوو نێو چاوانی تێک نابوو ئەو ڕۆژە .

مامەحەبیب پیاوێکی چوارشانەی مەچەک ئەستور و باڵا بەرز، لووتێکی پان و دەنگێکی پیاوانەی بە ساڵاچوو، ڕیشێکی تۆپن، چاو و برۆیەکی تێکچڕژاوی هەبوو .پیاوێکی بەهێزو توانا، تا بڵێیت سادە و ساکار، ماڵ خۆش و، گەرموگوڕ لە گەڵ میوان .زۆر بە ئیحترام بوو، لە گەڵ گەورە و چووکە. سوارکارێکی بێ وێنە بوو. زۆر چالاک بوو بۆ ڕاهێنانی ئەسپی سەرکێش .زۆر کەم قسەی دەکرد. هەمیشە سەبیلەڕەش و درێژەکەی لە بەر پشتێندە گرێچنەکەیدا چەقا بوو. هەر چەندە خوێندەواریی نەبوو بەڵام وەک کتێبێکی کۆنی مێژووی ئەم کوردەوارییە وا بوو کە لاپەڕەکانت لێ هەڵدەداوە .

گیزەگیزی کەترییە ڕەش و، مڕەمڕی سەگەکەی کە لە سەربانی چارداغەکەی پاڵ کەوتبوو، لەگەڵ مشەمشی گاجووتەکانی بێدەنگیی پاییزی ئەم دەریان تێک دەشکاند .سەری کەترییە ڕەشی لابرد و لۆچێکی چای وشک وەسەر گێڕا و لەتە کولێرەیەکی هاویشتە بەر دەم سەگەکەی، ئەویش لە مڕە کەوت . یەکەم پیاڵەی چای خواردەوە ئارەقی لەشی کەم بووەوە .نێوچاوانە گرژەکەی کرایەوە. بزەیەکی هاتە سەر لێوان و ددانە زەردەکانی لە مابەینی ڕیشە تۆپنەکەی وەدەر کەوتن. دەستێکی بە ڕیش و سمێڵیدا هێنا. وا دیاربوو مەیلی قسەکردنی هەبوو. دەیزانی من تامەزرۆی کام یەک لە قسەکانی ئەوم. بە قامکە ئەستوورەکانی ئیشارەی بە جێی دانیشتنی کاک سولەیمانی موعینی (کاک فایق) دەکرد کە چۆنی حاشار داوە لە نێو ئەشکەوت و ڕەوەزەبەردەکانی چیای حاجی کیمی دا . ئیشارەی بە نێو چارداغەکە دەکرد کە چ شەوها کاک فایق لەو چارداغەدا ماوەتەوە و نامەی پێدا ناردووە بۆ کێ و کێ .هەرکات نێوی کاک فایقی دێنا زۆر بە ئیحتیرامەوە نێوی دەبرد و هەستی بە خەسارێکی گەورە دەکرد بۆ تێداچوونی. باسی ئەوەی بو دەگێڕامەوە کە چەندەم هاوار لە( مینەشەم و عەوڵای موعینی) کرد کە "لەم ناوە مەمێنن، ژاندارمە و جاشتان لەسەرە بڕۆن بۆ دیوی دارستان، بەڵام بەگوێیان نەکردم تێدا چوون لە شاخی(قالوێ گەورکان)" .باسی شەڕەکەی (سەید فەتاحی نیزامی)ی بۆ دەگێڕامەوە لە چیای حاجی کیمی کە چۆن کوژران و ئەو چۆن توانی گیانی چەند پێشمەرگەیەک لە چنگ ژاندارمە و جاشەکان نەجات بدا و، چۆن تفەنگەکانیان بۆ وەشارێت .ڕەنگە ئازار و ئەشکەنجەکانی مامەحەبیب لەسەر ئەو تفەنگانە قەت لە بیر خەڵکی گوندی قەرەگوێز نەچووبێتەوە کە چۆنیان مامەحەبیب سەرەوشۆڕ کرد لە نێو بیری حەوشی ماڵە خۆیدا لە بەر چاوی ژن و منداڵی خۆی .چۆن ژاندارمەکان ئەویان لە بەر چاوی خەڵکدا ئازار و ئەشکەنجە دەدا، بۆ ئەوەی ئەو لە بەر چاوی خەڵکی دێ سووک کەن و بیشکێنن، بەڵام دەنگ لە چیای حاجی کیمی هات لە مامە حەبیب نەهات. لە بیرمە زۆر جاران ژاندارمەکانی دێی )تورجان (دەهاتن بۆ قوڵبەست و ئازار و ئەشکەنجەی ئەو .

مامە حەبیب هەڵبژادە و نۆینەری جووتیارانی ناوچەی موکریان بوو بۆ کونگرەی دووهەمی حیزبی دیموکرات لە ساڵەکانی (1342.1343 )کە لە دێی(سونێ) گیرا، بەڵام بە هۆی سەرما و بەفرێکی زۆر کە لە ناوچەی (سەردەشت) باریبوو ئەوسا لە گەڵ شەهید (سەید ڕەسووڵی بابی گەورە) نەگەیبوونە کۆنگرەکە. من لێرە لە (مەلا عومەری عەسری) و(مەلا محەمەدی خزری)م پرسیار کرد کە کونگرەی دووهەمی حیزب هەردووکیانی وەک ئەندامی کومیتەی مەرکەزی هەڵبژاردبوو، خەڵکی قەرەگوێز

زۆر جاران دەیانکوت مامە حەبیب هاموشۆی دیوی گەرمێن دەکا، بەڵام کەم هەبوون بزانن ئەو خەریکی چییە. ماڵەکەی لە دێی قەرەگوێز جێی حەسانەوە و پشوودانی ئەو کاروانچییانە بوو کە لە دیوی گەرمێن ڕا بارە تووتن و سابوون و چایان بە قاچاغ دێنا بۆ شاری بۆکان. چارداغە سادە و ساکارەکەشی لەچیای حاجی کیمی ببووە مەکۆی ڕووناکبیران و شۆڕشگێرانی موکریان کە دەیانەویست خۆ بگەیەننە کوردستانی باشوور یا نە هەواڵێکی خۆش وەدست خەن لە جووڵانەوەی ساڵەکانی 1346، 1347 .

قسەکانی مام حەبیب بە دەرکەوتنی کەسێک کە لەولاوە دەهات بڕا. سەری وەرسووڕاند، چاوی بڕییە ڕێگە باریکەکەی نێوان مەزراکەی و گوندی قەرەگوێز. یەک لە دوور ڕا بە هەناسە بڕکێ دەهات. گورجوگۆڵ پاتۆڵێکی ڕەش، ڕووسەرییەکی سادەی بە سەرەوە، جووتێک کەوشی لاستیکی ڕەشی لە پێدا، توورەکە تووتنی بابی بە دەستەوە بوو .مامە حەبیب بە دیتنی توورەکە تووتن گەشایەوە .زۆر خێرا بە قامکە گەورەکانی سەبیلەکەی داگرت و مژێکی بەهێزی لە سەبیلەڕەش دا و بۆنی تووتنی توندی مامەحەبیب ئەو نێوەی گرتەبەر .

مامەحەبیب باسی جەمهووریی کوردستان و(قازی محەمەد)ی دەکرد. ئەو کات کە زۆر گەنج بوو تفەنگی بۆ جەمهووریی مەهاباد هەڵگرتووە و لە شەڕی کوردان لە گەڵ عەجەماندا لە شاری (میاندواو) بەشدار بووە، تفەنگی سێ تیری پێ بوو ئەوکات. زۆر باسی (ئەحمەتوفیق)ی دەکرد کە پیاوێکی لێهاتوو و جەسوور بوو. وا دیار بوو لە گەڵ ئەحمەد توفیق پێوندی باشی بووبێت کاتی خۆی. مامەحەبیب زۆر جاران باسی دەورانی منداڵیی کاک (سوارەی ئیلخانی) بۆ گێرامەوە کە چۆن ڕاوە مار و باڵندەکانی دەکرد لە نێو ڕەوزە بەردەکانی چیای حاجی کیمی، وە دیکوت زۆر ئازا و بە غیرت بووە و شەوان لە نێو چۆمی تەتەهوو دا خەریکی ڕاوەماسی دەبوو. باسی فێرکردن و ڕاهێنان و سوارکاریی کاک سوارەی بۆ دەکردم .

ئا رامگەی مامەحەبیب ئێستاکە لە گۆڕستانی گوندی قەرەگوێزە لە داوێنی چیای حاجی کیمی لە نزیک چۆمی تەتەهوو. زۆر شەوان سەری لە گڵکۆکەی دەردێنێ و تەماشای چیای حاجی کیمی دەکا و دەروانێتە نەمامە دەستچێنەکانی خۆی، ئاخۆ گەورە بوون؟ سڵاو لە هاوڕێی پیری لە مێژینەی خۆی دەکا و هەواڵی کوڕەکان لە چیا دەپرسێ. چیا ملی بۆ وەر دەسووڕێنێ و جوابی سڵاوی دەداتەوە، وا دیارە لە مێژە کەس میوانی ئەم بنارە نیە .

چیا ئارام و بێدەنگە .شەو زۆر درەنگە و دنیا کش و ماتە. تەنیا دەنگی ئارامی چۆمی تەتەهووە کە لە خوار گۆڕستانەوە دێتە گوێ. ئەمەش ئاوازێکی خۆشی تەنیای مامەحەبیبە لەم گۆڕستانە تەنیایەدا. هیوادارم گەنجانی شاری بۆکان و گوندی قەرەگوێز پێ بزانن کە لە گۆڕستانی ئەم گوندەی محاڵی موکریان کێ نێژراوە، بۆ بیرەوەری ئەو هەموو ئازار وئەزیەت و ئەشکەنجەی کە ئەم جووتیارە سەربەرز و سەرکێشە چەشتی بۆ وڵات، ئێمە بتوانین چەپکەگوڵێ لە سەر گڵکوی دانێین و یادی بەرز ڕاگرین. من کە دوورم لەم دیارە ئازیزە هیوادارم گەنجانی ئەم دیارە ئەم ئەرکە پیرۆزە بە جێ بێنن کە ئەرکی پیرۆزە بۆ هەموو ئاشقانی ڕێگەی ئازادیی وڵات .

ڕێکەوتی

20110524